# زمانی کوردی لەنێوان
# سیاسەتی زمان و پلانی زماندا

د. دارا حەمید محەمەد
زانکۆی گەرمیان

**پێشەکی:**

زمانەوانی (Linguistics) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بەتایبەتی لەڕۆژئاودا، گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆوە بینی، بەرهەمێکی هەرەگرنگی ئەو قۆناغە دەرکەوتنی هەردوو جۆری سەرەکی لە توێژینەوەی زمانی، (تیۆریی Theory، کارەکی Applied) بوو، مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمە زیاتر جۆری دووەمە لە زمانەوانی واتە (زمانەوانی کارەکی Applied Linguistic)، ناونیشانی توێژینەوەکەشمان (زمانی کوردی لەنێوان سیاسەتی زمان و پلانی زماندا)یە، گرنگی توێژینەوەکەش لەدوو خاڵدا ڕوون دەبێتەوە:

١- خستنە ڕووی ئاستی سیاسەتی زمان و پلانی زمان لەسایەی دەسەڵاتێکی کوردی شێوەسەربەخۆی کەم وێنە لە مێژووی کۆن و هاوچەرخماندا .

٢- تیشك خستنەسەر دۆخی ئێستای زمانی کوردی لەسایەی سیاسەتی زمان و پلانی زمانی هەنووکەیماندا.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە ڕێبازی پەسنی(وەسفی) شیکەرەوەیی بەپەسند زانرا، کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەش زاری کرمانجی ناوەڕاستە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان توێژینەوەکەمان بەسەر ئەم پێشەکییە و سێ تەوەردا دابەشکردووە:

تەوەری یەکەم: تایبەت دەبێت بە چەمك و پێناسەی سیاسەتی زمان، سەرەتا و سەرهەڵدان و گرنگی و ئامانج و ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمان لەم تەوەرەدا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

تەوەری دووەم: تایبەتە بە خستنەڕوی پلانی زمان و گرنگی و جۆرەکانی پلانی زمان.

تەوەری سێیەم: بۆ خستنە ڕوی دۆخی ئێستای زمانی کوردی لەسایەی سیاسەت و پلانی زمانی کوردیدا تەرخانکراوە.

لەکۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین خراونەتەڕوو، دواتر ئاماژە بۆ ژێدەر و سەرچاوەکان کراوە و کورتەیەکی باسەکە بەزمانی عارەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: سیاسەتی زمان politics of language:

داڕشتنی سیاسەتی زمان دیاردەیەکی زۆر کۆنە، گەرچی بەو چەمك و فۆرمەی ئێستاشەوە نەبووبێت، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە وەك کردەوەیەکی سیاسی بەرامبەر بە زمان بوونی هەبووە، نموونەی ئەم راستییە زمانی گریکی و لاتینییە، کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا سیاسەتی زمانیان پێڕەوکردووە و بەپێی پلانێك زمانەکەیان کردووە بە زمانی باڵا ( Lingua franker )، سەرووی ١٤٠٠ ساڵە سیاسەتی زمان لەسایەی ئایندا، زمانی عارەبی کردووە بە زمانی فەرمی عارەب و دەیان میللەتی نا عارەب، فارسەکان بەهۆی هۆنراوەکانی (حافز، و نووسینەکانی سەعدی)یەوە کە نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا نووسیویانن زمانی فارسییان یەکخست و کردیانە خاوەن زمانێکی ستاندارد، دانتی نزیکەی ٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا گەڕانەوەی بۆ لای زمانی ئیتالی بەپێویست زانییوە و بەرهەمەکانی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سەربەخۆیی بەزمانی ئیتالی نوسیووە هەوەها هاندەرێك بووە بۆ ڕۆڵەکانی میللەتەکەی بۆ گەڕانەوە بۆلای زمانی دایکی خۆیان و بەختکردنی هەموو شتێك لەپێناو میللەت و وڵاتەکەیاندا.(حسین محمد عەزیز،٢٠٠٥:٣٨٥ )، بەرهەمەکانی شکسپیر کە بەشێوەزاری لەندەن نووسرانەتەوە، دواتر بەبڕیارێکی شاهانە بوون بە زمانی ستانداردی ئینگلیزی. کەواتە دیاردەکە زۆر لەمێژە هەیە، بەڵام چەمکی سیاسەتی زمان لە ئەمڕۆدا بەشێوە زانستییەکەی جیاوازە و، برتییە ( لەسەرتاپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر لەبواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتی لەنێوان زمان و ژیان لەکۆمەڵدا،(لویس جان کالفی،٢٠١٢: ١٥٢ ). بەوپێودەنگە سیاسەتی زمان لە شێوازەکانی فەراهەمکردنی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت، گەشەکردنی زمان ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە بوونی سیاسەتی دروستی زمان و پلانێکی(plan )تۆکمە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە.

سیاسەتی زمان بە چەمکە نوێیەکەیەوە لەبواری پلانی زماندا(Language planning )کار لە سەر زمان دەکات نەك سیاسەت (سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٥ ) ئەم زاراوەیە بۆیەکەمجار زمانەوانی ئەمریکایی(ئینار هۆگن) لەساڵی ١٩٥٩ لەچوارچێوەی وتارێکدا بەناوی (پلانی زمانی پێوانەیی لە نێرویژی نوێدا)کەتایبەتبوو بەزمانی نێروێژی ئاماژەی بۆکردووە، (ئازاد عەزیز:١٩:٢٠١٤ ).

سیاسەتی زمان چەندین ئامانجی لەپشتەوەیە کە دەچنە خانەی پلانی ستراتیجی نەتەوەییەوە (ملیکە النوی، ٢٠١٢: ١٢ ). لە دیارترینیان:

١- گرنگیدانی زۆر و بەخشینی ماف پێشینەیی(ئەولەوییەت) بەو زمانەی سیاسەتی بۆ داڕێژراوە.

٢- یەکخستنی وشە و زاراوەکانی زمانەکە و پاراستنیان لە لەناوچوون.

٣- ڕاهێنانی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە بەتایبەتی لە توێژی منداڵ و هەرزەکاران لەسەر شانازیکردن بە زمانەکەیانەوە دەکرێ، هەندێکجار سیاسەتی زمان لە پلانی زمانەوە سەرچاوە بگرێ، واتە بۆچوونەکە ئاوەژوو دەبێتەوە بەتایبەتی لە کۆمەڵی فرەزماندا، ئەویش لەڕێی سوود وەرگرتن لە زانایانی کۆمەڵناسی و زمانەوانی، کە بایەخ بە زمانی نەتەوەیی دەدەن و

بەشێوازی زانستیانە و بەپلانێکی تۆکمەی زمانیی سیاسەتی زمان دادەڕێژن.(احمد بنانی،۲۰۱۲:۳۷ ).

لە کۆمەڵی فرە زماندا سیاسەتی زمان چەندین ڕەهەندی لەپشتەوە دەبێ، دەتوانین لە چەند خاڵێکدا چڕیان بکەینەوە:

١- خزمەتکردنی زمانی سەردەست و پشتیوانیکردن و گەشەپێدان و بوژاندنەوەی.

٢- لاوازکردن و کۆسپ و تەگەرە خستنە پێش گەشەکردنی زمانی بن دەست (تاریق جامباز،۲۰۱٤: ۷ ).

٣- سڕینەوەی زمانی بن دەست و سەپاندنی زمانی سەردەست بەسەر قسەپێکەرانی ئەو زمانەدا، واتە جێگرتنەوەی زمانی بن دەست وەك زمانەکانی کەنعانی و فینیقی و قیبتی...تد.

سیاسەتی زمان بابەتێکی گشتگیر و فرەڕەهەندە، بوارەکانی شارستانی و پێناس و سیاسەت و ئابووری دەگرێتەوە،(عبدالقادر الفاسی،۲۰۱۳:۱۸۵ ) بەپێی بۆچوونی ئەو زمانەوانە هەڵاوێردکردنی سیاسەتی زمان لە ڕەهەندەکانی کلتووری، شارستانی، پێناسی نەتەوەیی و ئابووری سیاسەتێکی نەزۆك دەبێت و، دەرئەنجامێکی سەرکەوتوی نابێت، چونکە زمان وابەستەیە بەهەموو ئەو ڕەهەندانەوە کە ئاماژەیان بۆکرا.

١- سیاسەتی زمان و کلتور

زمان و کۆمەڵ پەیوەندیەکی پتەو وابەستەی کردوون، زمان بنەمایەکی هەرەگرنگی خوڵقاندنی کۆمەڵگایە و هۆکاری سەرەکی لێکگەیشتنی تاکەکانیەتی، بەبۆچوونی فندریس زمان لە باوەشی کۆمەڵدا فەراهەمبووە، ئەمەش لەکاتێکدابوو، کە مرۆڤەکان هەستیان بەوەکرد، پێویستیان بە ئامرازێکە بۆ لێکگەیشتن. زۆربەری تیۆریی و میتۆدەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دان بەکاریگەری و پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەنێن. بەم پێودەنگە دەتوانین بڵێین زمان وەك دیاردەیەکی زیندوو، گوڕو تینی لە کۆمەڵەوە وەردەگرێت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆنموونە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکان و سەرەتاییەکاندا زمان لەفۆرمێکی سادە و سەرەتاییدایە، وەك کەمی وشە و زاراوە،پێکهاتە و دەربڕینە هونەریەکان. لەبەرامبەریشدا زمان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا گەشەی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ و پێش دەکەوێ، لەڕووی زۆری وشە و زاراوە و دەربڕینی ئەدەبی و هونەری جوان و باڵا، کە خزمەتی زۆر بەزمان دەکات و زمان لە لەناوچوون دەیپارێزێت.

ڕۆشنبیری وەك بەشێك و پایەیەکی سەرەکی کلتوور، کە پێگەی کۆمەڵی لەناو میللەتاندا پێدەستنیشاندەکرێت و دەردەکەوێت، ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە زمانەوە، تێکچڕژانی زمان و ڕۆشنبیری دەگاتە ئاستێك وەك پێوەر بۆ ئاستی مەعریفی و گەشەکردویی کۆمەڵ بەکاردەهێنرێت، چونکە زمان بەرهەمی گەشەکردنی بیری مرۆڤ و هەر بەزمانیش مرۆڤ جۆری بیرکردنەوە و ئاستی رۆشنبیری و ژیانی دەستنیشان دەکات و گەشەیان پێدەدات.

زمان پارێزەری هەرەبەهێزی کەلتووری نەتەوەیە، واتە هەرهەڕەشەیەك بۆسەر ئەو زمانە، هەڕەشەیە، بۆسەر کەلتوری نەتەوەکە و، تەنانەت خودی نەتەوەکەش. بەڵام ئەفسوس لەگەڵ ساغبوونەوەی ئەو ڕاستیانەشدا هێشتا لەکۆی نزیك٦٠٠٠ بۆ ٧٠٠٠ زمان کە کۆی زمانانی جیهانە، زانایان وای بۆدەچن کە تا کۆتایی سەدەی( ٢١) ڕێژەی ٥٠٪ ی زمانانی جیهان لەناودەچن. بەمەش هەردوو هەفتە جارێك زمانێك لەناودەچێت (تارق جامباز،٢٠١١:ل٣١٥ ). دیارە ئەمە گەورەترین هەڕەشەیە بۆسەر زمان و مێژوو کەلتوو رو تەنانەت بوونی نەتەوەکانیش لەسەر زەوی. لەبەرئەوەبەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، هۆکارگەلێك هەن کەبوون و دەبنەهۆی لاوازبوون و لەناوچوونی زمان. وەك هۆکاری سیاسی و جوگرافی، نەبوونی سیاسەت و پلانی زمان....تد.

زمان ڕەگ و ڕیشەی هەیە. ئەو ڕەگانە بەناخی تاك و مێژوو کەلتوور و خاك و ولاَتدا ڕۆچووە و، هەرگیز لێك جیانابنەوە، جادوژمن و داگیرکاران سیاسەتی زمان و پلانی زمان دادەڕێژن بۆ ئەوەی زمانەکان لاواز بکەن یان لەناویان بەرن، وەك پەنا بردنە بەر لێکدابڕان و لێك جیاکردنەوەی ئەو ڕەگ و ڕیشانە، کە زمان بەیەکەوەی وابەستەکردوون (بۆئەوەی زمانێك لەناوبەدەیت کە ڕیشەی هەبێت، دەبێت، پەیوەندی ئەو زمانە بەخودی ڕیشەکانی خۆیەوە لاواز بکەیت. )( بێرنارد کەمرێ و...٢٠٠٧: ٨٩ ).

٢- سیاسەتی زمان و پێناسی نەتەوەیی:

زمان پێناسی نەتەوەیە، بەتایبەتی لەنەتەوە ژێردەستەکاندا، بۆیە پێویستە ئەو نەتەوانە پلان و ستراتیژی تایبەتیان بۆ پاراستنی ئەو زمانە هەبێت، گەر لەڕووی نەتەوەییەوە بڕوانینە زمان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێك لەپایە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی زمانە (قیس کاکل،٧:٢٢٠٠٧ ). پێشتریش ئاماژەمان بۆ چەندین نەتەوەی خوارووی نیمچەدورگەی عەرەب و شام و باکوری ئەفریقا کرد کە، بەهۆی بەعەرەب کردنەوە بوونیان نەماوە و لەئەنجامی نەمانی زمانەکەیان خاك و ولاَتیشیان نەماوە و ئێستا هەموو ئەو میللەتانە بەعارەب دەناسرێن و ولاَتەکەشیان بەعەرەبستان ناسراوە.

یەکێك لەهەڕەشەگەورەکانی سەرزمان هاندانی زارەکانییەتی. واتە هەرکاتێك گرنگی بەزارەکانی زمانێك درا. چ لەسەر بنەمایەکی سیاسی یان لەسەر بنەمایەکی ناوچەگەری بێت، ئەوا ئەو زمانە لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی لەناوچوندا دەبێت، دیاریشە کە دروست بوونی هەڕەشە بۆسەر زمان دروستبوونی هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی.

بەداخەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەمڕۆ لەزمانی کوردیدا ڕوو دەدات، لەهاندان و زیندووکردنەوەی زارەکاندا بەتەواوەتی لەگەڵ ئەزمونی ئەو میللەتانە لێکدەچێت، کە زمانەکەیان بەهۆی هاندانی زارەکانیانەوە لەناوچوون. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دوو نموونە دەهێنینەوە:

أ- سێربۆکەروات زمانی هەموو یۆگسلافییەکان بوو کە لەچەند نەتەوەیەك پێك هاتبوون. وەك: (سیرب، کەروات، بۆسنی مۆنتینێگرینی ). بەڵام لەسەرتاکانی ساڵانی (٩٠)سەدەی رابردوودا و لەکاتی شەڕی ناوخۆی ئەو ولاَتەدا هەریەکێك لەوگروپانە بەشێوەیەکی

**ناسروشتی کەوتنە هاندانی زارەکانیان (د. رەفیق سابیر، ٢٠٠٨:١١٣ ).، ئەنجام زاری سێربۆکەروات لەبەریەك هەڵوەشایەوە و، وڵاتەکەش دابەش بوو.**

**ب- ژمارەیەکی زۆر زمان هەن کە ئەمڕۆ جیاوازن و هەریەکێکیان زمانێکی سەربەخۆن، هەریەکە و سەر بەنەتەوەیەکن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەو زمانانە دیالێکتی جیاوازی یەك زمان بوون , بەئێستاشەوە جیاوازییەکانیان هەرگیز ناگاتە جیاوازی نێوان زارەکوردییەکان. بۆنموونە: زمانەکانی نەرویژ و سوید، بولگاری و مەکدۆنی، روسی و ئۆکرانی....تد (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ).**

**گەر بەوردی بڕوانینە ئەو میللەتانە، دەبینین، ئێستا هەریەکێك لەو دووانانە نەتەوەیەك پێك دەهێنن، کەسەربەخۆن لەڕووی مێژوو، زمان، کەلتور..تد. گەرچی لەبنەڕەتیشدا یەکبوون و سەر بەیەك زمان بوون، بەڵام بەلەناوچوونی زمانەکان زارەکان شوێنیان گرتووەتەوە. دیارە کە زاریش سەر بەناوچەیە و، دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکانی نەتەوەکەدا نییە. لەبەر ئەوە هەر ناوچەیەك زمانی تایبەتی بەخۆی دەبێت، ئەنجام نەتەوەکە لەناو دەچێت و، چەند زمانێك جێی دەگرێتەوە و چەند نەتەوەیك پێك دەهێنن.**

**لەزمانی کوردیدا و لەسایەی نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمەی زمان و پێڕەو نەکردنی یاسای زمان لەسەرتاسەری کوردستاندا، ئینجا هاندانی بەرچاوی زار و تەنانەت شێوەزارەکانی زمانەکەش، زمانەکەمان لە کەناری دابەشبوونێکی بەرفراواندایە، کە دابەشبوون و توانەوەی نەتەوەکەمانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە. ئاشکرایشە، هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی سیاسەتێکی بتەوی زمان دەگەڕێتەوە.**

## تەوەری دووەم: پلانی زمان Language planning:

**پلانی زمان بریتییە لە قۆناغی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان (پلانی زمان بریتییە لەگەڕان بەدوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە.(لویس جان کالفی،٢٠١٢: ١٥٢ ) ). پلانی زمان بایەخ بەو کێشانە دەدات کە دەبنە هۆی دواکەوتن یان گەشەنەکردنی زمان، ئەمەش لەڕێگەی توێژینەوە لەو گرفتانە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیان بەمەش پلانی زمان هەوڵد دەدات پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ لێکبداتەوە چونکە گرفتەکان زیاتر لەو پەیوەندییەدا بەرجەستەدەبن. چوون بوارەکانی پەروەردە، فێرکردن، کارگێڕی و بەڕێوەبردن.... تد لەناوکۆمەڵدا پێویستی بە میکانیزمی جێبەجێکردنە، زمانیش میکانیزمی سەرەکی ئەنجامدانیانە، بۆیە پێویستە زمان بەپێی پلانێك بەکاربهێنرێت توانای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی هەبێت. هەروەها پلانی زمان پێویستە پەیکاڵ بێ لەگەڵ گۆڕانە زانستی و کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆژییەکانی سەردەم لە ناوکۆمەڵدا لەبەرئەوەیە پلانی زمان پێویستییەکە و پرۆسەیەکی بەردەوامیشە.**

**گەر زانیمان پلانی زمان هەوڵی یەکخستنی هەردوو بەشی سەرەکی زمان(زمان و زار)ە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، پلانی زمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وابەستەیە بەپلانی پەروەردە و فێرکردنەوە،**

چوون شوێنی جێبەجێکردنی پلانی زمان بەپلە یەك ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردن و پەروەردەکردنە، لەو ناوەندانەدا دەبێ پلانی زمان جۆری زمانی پەسەند یەکلابکاتەوە و بڕیار لەسەر بەکارهێنانی جۆری زمانی دیاریکراو بدات (**احمد بنانی،٢٠١٢: ٢٥** )

پلانی زمان سەرباری ئەوەی هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبەردنی کاروباری وڵات لەسەرجەم دامودەزکاندا، لەهەمانکاتدا هۆکارێکی سەرەکی پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و پاراستنی ماڧ هاووڵاتیبوونە. ( **محمد معروف ١٩٨٦:١٢٤** )

پلانی زمان بەلای (هۆگن)ی ئەمریکایەوە کردەی نووسین و گەشەپێدانی یان پشتگوێخستنی زمانە لە ناو کۆمەڵی فرەزماندا ( **د. عبداللطيف حنى،٢٠١٢: ٧٧** ). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پلانی زمان دەکرێ لەپێناو گەشەپێدانی زماندابێت یان بەپێچەوانەوە لەپێناو ڕێگریکردن بێت لەگەشە و پێشکەوتنی زمان بەتایبەتی لە نەتەوە فرە زمانییەکاندا.

یەکێك لە هۆکارەکانی پێویستی پلانی زمان فرە زمانی یان فرەزارییە، بێگومان لە بوونی فرە نەتەوە و ڕەگەز و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە سەرچاوەدەگرێ، لەبەرئەوەیە پلانی زمان لەو جۆرە کۆمەڵانەدا بەپلەی یەك دەبێتە ئەرکی دەسەڵات بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەو فرەزمانی و فرە زارییە بەلەبەرچاوگرتنی ماڧ زمانیی ئیتنیکی و کەمینەکانیشەوە(**عەبدولوەهاب خالید،٢٠١٠:٨٠**).

## جۆرەکانی پلانی زمان:

توێژینەوەکان دەریانخستووە، پلانی زمان چەند جۆرێکی هەیە، دیارترینیان ئەمانەن:

١- پلانی پایە:

ئەم جۆرە بایەخ بە زمانێك یان زارێك دەدات لەناو کۆمەڵدا و پایەی ئەو زمانە یان ئەو زارە دەخاتەڕوو، لەڕێی لێکۆڵینەوە و گۆڕینی ئەرکی ئەو زمانە و دەستنیشانکردنی ماڧ بەکارهێنانی ئەو زمانە یان ئەو زارە.(**ئازاد عزیز، ٢٠١٤: ٢٠** ). ئەم جۆرەی پلانی زمان چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە پایەی زمان دەخاتەڕوو، لەوانە:

أ- بایەخ نەدان بەزمان و پشتگوێخستنی و بەکارنەهێنانی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەبێتە مایەی لاوازبوون و لەناوچوونی ئەو زمانە. وەك فێشمان لە ١٩٦٨ ئاماژەی بۆکردووە. (**د. عبداللطيف حنى،٢٠١٢: ٧٨** ).

ب- بوونی کیانێکی سیاسی پێویستییەکە بۆ دروستکردنی شکۆمەندی و پایە بۆ زمان (**سەلام ناوخۆش ٢٠١٠: ٥٢** ).

٢- پلانی کۆمەڵ (گروپ):

ئەم جۆرەی پلانی زمان جەخت لەسەرکاری بەکۆمەڵ دەکات بەمەبەستی بەستانداردکردنی زمانێك یان زارێك لەڕێی پەرەپێدان و گەشەپێدانییەوە، وەك یەکخستنی نووسین و بەفەرمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەو وشە و زاراوە نوێیانەی دێنە ناو زمان یان لەزمانەکەداهەن و بۆ مەبەست و واتای نوێ بەکاردەهێنرێن. لە ئەرکەکانی ئەم جۆرە لەزمانی کوردیدا:

١- هەوڵەکان بۆ یەکخستنی ڕێنووسی کوردی و یەکلایکردنەوەی ڕێنووسی پەسەند بۆ زمانی کوردی لەسەر بنەمایەکی زانستی.
٢- بەکارهێنانی وشە بەمەبەستی نویٚ. وەك:
بن دیوار: پاڵدیوار واتای بنەڕەتی
بندیوار: کەسی گەندەڵ، مشەخۆر، موچەخۆر بەبیٚ کارکردن..(ئازاد عزیز، ٢٠١٤: ٢٠ )

**شێواز و میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی زمان:**

جێبەجێکردنی پلانی زمان پێویستی بە کار وگرتنەبەری ڕێوشوێنێکی ورد هەیە، دانانی پلان و جێبەجێکردنی پێویستی بە دیراسەی ورد و پسپۆڕی شارەزا لە زمانی فەرمی و بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی میللەتان دەبێت، پێویستیشە جێبەجێکردنی پلانی زمانی پەیکاڵ لەگەڵ گۆڕانکارییە رامیاری و تەکنۆلۆژی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمدا بێت و لەوبوارانە دابڕاو نەبێت. پرۆسەکەش واتە جێبەجێکردنەکە پێویستە بەچەند هەنگاوێك ئەنجام بدرێت. لەوانە:

١- پێویستە گرفتی زمان هەبێت، واتە هەست بەبوونی گرفتی زمان بکرێت، ئینجا پێویست بە پلان دەکات بۆ پاراستنی زمانەکە، ئەگەر لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتالی... وردبینەوە دەبینین تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست وەك زارێکی زمانی لاتینی سەیردەکران کە ئەمە خۆی گرفتە لەزماندا و پێویستی بە پلانە، وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا شاعیرانی وەك شکسپیر و دانتی.. بەو کارە هەستان. (**حسین محمد عەزیز،٣٨٥:٢٠٠٥** )
٢- قۆناغی دووەم بریتییە لە بڕیاردان لەسەر داڕشتنی پلانی پێویست بۆ زمان، ئەمەش بە دیراسەی وردی ئەو زمانەی کە پلانەکەی بۆ دادەڕێژرێت، چونکە پێویستە هەلومەرجی لەبار هەبێت بۆئەوەی زمانەکە ببێت بە زمانی فەرمی ئەو شوێنەی کە مەبەستە(**لویس جان کالفی،١٥٢:٢٠١٢** )، نموونە عارەبەکان لەسەردەمی بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلامدا زۆرجار زمانی ئەو شوێنانەی دەچونە ناوی بۆکاروباری فەرمیان بەکاردەهێنا، چونکە زمانی عارەبی زمانی کارگێڕی نەبوو، تا زمانی عارەبی هەلومەرجی تەواوی کارگێڕی بۆڕەخسا ئیتر جێی زمانە بن دەستەکانی دەگرتەوە.
٣- کۆتا قۆناغی پلانی زمان جێبەجێکردنی پلانەکەیە لەڕێی بڕیارێکی سیاسییەوە، بەدەرکردنی یاسای زمان و کارکردن بۆ ئەوەی ئەو زمانە ببێتە بەشێك لە هزر و بیری تاکەکانی ئەو نەتەوەیە و بەبەشێك لەئاسایشی نەتەوەییانی دابنێن.(**تاریق جامباز،٢٩١:٢٠١٢**).

سەرباری ئەو شێوازانە بۆ جێبەجێکردنی پلانی زمان لویس جان کالفی لەو بڕوایەدایە کە کارەکیکردنی پلانی زمان بەتایبەتی لەناو زمانی فرەزاردا و بەمەبەستی داهێنانی زمانێکی نیشتیمانی ئەوا بە چەند ئاستێك دەبێت:

١- ئاستی ڕێنووس و ئەلف و بێیە: کالفی بەپێویستی دەزانێت کە ئەو زمانە یان زارە کە مەبەستە بکرێ بە زمانێکی نیشتیمانی و فەرمی ئەلفوبێیەکی گونجاوی بەپێی یاسا فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکان بۆ دابنرێ. یان ئەگەر خاوەنی ئەلفوبێیە ئەوا گەر پێویستە ئەو ئەلفوبێیە بگۆڕدرێ ئەمەش بەپێی توێژینەوەی زمانیی. (**لویس جان کالفی،٢٠١٢:١٥٤** ).

٢- ئاستی فەرهەنگ: هیچ زمانێك بەتەنها و بەوشە فەرهەنگییەکانی توانای گوزارشتکردنی لە هەموو دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەر و ژینگەکەی نییە، بۆیە پێویستە پەنابیرێتە بەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان کە بە چەند ڕێگەیەك دەبێت لەوانە : داڕشتن، وەرگرتن، لێکدان، داتاشین، پێوانە، میتافۆر، وەرگێڕان...تد (**د. عەبدولواحید مشیر،٢٠١٣:٨٩** ). ئێمە لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە دوو ڕێگا دەکەین:

أ- ڕێگەی داڕشتن: داڕشتن بریتییە لە ڕۆنانی وشەیەك لە وشەیەکیتر بەمەرجێك شێوە ڕێکەوتن Agreement و گونجانێکی واتایی لەنێوانیاندا هەبێت(**جەمال عەبدول،٢٠٠٨:٧١** ).. ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی

ب- ڕێگەی خواستنی وشە: خواستنی وشەی بێگانە دیاردەیەکی سروشتیی و ئاساییە لە زماندا، کە بە هۆی باری( سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیریی، ئاینی )یەوە. پەیدادەبێت. بوونی ئەم دیاردەیە لە زماندا هیچ لە بەهای زمان کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە نیشانەی بەهێزیی زمانە، چونکە (( گەشە کردنی زمان بە تەنها بە بێ کارتێکردنی دەرەکی کارێکی دەگمەنە ئەگەر مەحاڵ نەبێت، کارتێکردنی زمانانی دەوروبەر بۆ سەر زمانێك ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت لە پێشکەوتنی ئەو زمانەدا، چونکە کارلێککردنی زمانان پێویستییەکی مێژووییە و دەبێتە هۆی دروست بوونی تێکەڵی لە ناو زماناندا ( **حاکم مالك، ١٩٨٠:١٦٥** ) ). بۆیە هیچ زمانێك نییە بە تەنها و دابڕاو بێت و تێکەڵی زمانانی تر نەبێت ( **دارا حەمید،٢٠١٠: ١٠٢** ).

٣- ئاستی شێوەزارەکان: دیاردەیەکی ئاساییە لەزماندا بەگشتی و لەچوارچێوەیدا زمانی نیشتیمانی کە خاوەنی چەندین زار و شێوەزار بێ، چونکە لەبناغەدا خودی ئەو زمانە نیشتیمانییە لەیەکێك لەو زار یان شێوەزارانەوە سەرچاوەی گرتووە و هەلومەرجی لەباری بۆ ڕەخساوە و بووە بەزمانی نیشتیمانی.

تەوەری سێیەم: دۆخی زمانی کوردی لە نێوان سیاسەت و پلانی زماندا:

زمانی کوردی لەنێوان سیاسەتی زمان پلانی زماندا لەدۆخێکدایە کە نەک تەنها نالەبار و فەرامۆشکراوە، بەڵکو دۆخێکی پڕمەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەرزمانەکەمان، چونکە لەڕووی سیاسەت و پلانی ستراتیجییەوە ئەوا کورد لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆخزمەتکردنی زمانەکەمان.:

١- لەزمانی کوردیدا و لەسایەی نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمەی زمان و پێڕەو نەکردنی یاسای زمان بەپێی پلانی زمان لەسەرتاسەری کوردستاندا، بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و ناوچەگەرێتی سیفەتی زمانی ناوچەیی بەزمانی کوردی دەبەخشێ نەک زمانێکی تۆکمەی نەتەوەیی کە لە هەموو وڵاتدا بەکار بهێنرێت.

٢- سەرباری بەفەرمی ناساندنی یاسای زمان لەلایەن پەرلەمانەوە بەپێی لەدانشتنی ژمارە (٩) لە ( ٢٠١٤/١٠/٢٩) و پەسەندکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بەپێی پڕیاری ژمارە(١٦) لە ساڵی ٢٠١٤بەڵام تا ئێستا ئەو بڕیارە بەفەرمی نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەدامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا کاری پێناکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی یاساکە ئاڵۆزە و ئەو زمانە فەرمییە کوردییەی دەستنیشان نەکردووە کە پێویستە زمانی فەرمی هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بێت.

٣- هاندانی بەرچاوی زار و تەنانەت شێوەزارەکانی زمانەکەش، زمانەکەمان لە کەناری دابەشبوون نزیکدەکاتەوە، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، دابەشبوون و توانەوەی نەتەوەکەمانیشی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

پێویستیشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەئەمە هەرگیز مانای ئەوە ناگەیەنێت کە زارەکان پشت گوێ بخرێن، چونکە زار و شێوەزارەکان زۆر جار سەرەچاوەی سەرەکی و هەرەگرنگی زمانی ستاندارردن لەهەموو زمانەکاندا، لەبەر ئەوە دەکرێ خزمەتی زار و شێوەزارەکان بکرێت بۆ سوود لێوەرگتنیان لە بۆتەی زمانی ستانداردا. وەك چۆن قوتابخانەی کوفەی عەرەبی لەزارەکانیان دەکۆڵییەوە، بۆ دۆزینەوەی یاساکان و دواتر جێگیر کردنی ئەو یاسایانە لەزمانی ستانداردی عەرەبیدا.

٤- هاندانی بێ بەرنامە و هەڕەمەکی و بێسنووری دوور لەبنەمای زانستیی زارەکانی زمانی کوردی بووە بە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی گەورەی سەرزمانەکەمان، ئەم هەنگاوەش لەو بەکارهێنانەی پلانی زمانمان نزیکدەکاتەوە، کە دەبێتە مایەی بەربەست دروستکردن لەڕێی گەشەکردنی زمان و دواتریش لاوازبوون و لەناوچوونی زمان (تاریق جامباز، ٢٠١٤: ٧ ). واتە هەرکاتێك گرنگی بەزارەکانی زمانێك درا. چ لەسەر بنەمایەکی سیاسی یان لەسەر بنەمایەکی ناوچەگەری بێت، ئەوا ئەو زمانە لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی لەناوچوندا دەبێت، دیاریشە کە دروست بوونی هەڕەشە بۆسەر زمان دروستبوونی هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی(قەبس کاکل، ٢٠٠٧: ٧ )

دەتوانین بڵێین زمانی کوردیدا لە ئەمڕۆدا لەڕووی هاندان و زیندووکردنەوە و گرنگیدان بە زارەکانییەوە زۆر لە ئەزمونی هەڵەی ئەو میللەتانە دەچێت، کە زمانەکەیان بەهۆی هاندانی زارەکانیانەوە لەناوچوون. وەك لە تەوەری یەکەمدا ڕوونمانکردەوە

٥- ململانێی نێوان زمانی کوردی و زمانانی عارەبی و فارسی و تورکی لەلایەك و ململانێی نێوان زارەکانی زمانی کوردی لەلایەکیترەوە، جۆری ململانێ و دەرهاویشتەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەن کە زمانی کوردی هیچ سیاسەت و پلانێکی بۆدانەڕێژراوە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێببەخشێت بەرامبەر بەزمانانی دی، لەبەرامبەریشدا زمانانی دەوروبەری زمانی کوردی زۆر بەوردی سیاسەتی زمان پێڕەودەکەن بەمەبەستی بەهێزکردنی زمانەکەیان و لاوازکردنی زمانی کوردی. بەڵام خۆشبەختانە پتەوی زمانی کوردی ڕۆڵی کوردان لەپابەندبوون بەزمانەکەیانەوە ململانێی زمانی کوردی و زمانانیتری لەبەرژەوەندی زمانی کوردی یەکلاییکردووەتەوە و زمانانی عارەبی و تورکی فارسی نەیانتوانییوە جێ بەزمانی کوردی لەق بکەن یان جێگرەوەی بن لای کوردان ( ئازاد عزیز، ٢٠١٤: ١١٧ )

لەکاتێکدا ململانێی نێوان زارەکانی زمانی کوردی لەترۆپکدایە و هەڕەشەو مەترسی ڕاستی بۆسەر زمانی کوردی دروستکردووە، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد.

٦- نەبوونی پلانی سوود وەرگرتن لەو تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەی کە گۆلۆبالیزم هێناویەتییە ناو کۆمەڵگاکەمانەوە زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی ئەو تەکنۆلۆژیایەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو زۆر لە میللەتاندا شان بەشانی زمانی ئینگلیزی تاکەکانی ئەو میللەتانە زمانی نەتەوەیی خۆشیان بەکاردەهێنن، بەڵام لەزۆر لەمیللەتاندا شوێنی بەزمانی نەتەوەیی لەق کردووە. ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆسەر زمان، ئەم ڕاستییە پێویستی بەڕێگەچارەی زانستی هەیە، کە خۆی لەسیاسەتی زمان ز پلانی زماندا دەبینێتەوە. (د. دارا حەمید، ٢٠١٤: ١٢٠).

٧- بێباکی پارت و لایەن و ڕێکخراوە کوردییەکان لەپرسی سیاسەت و یاسای زماندا لەئاستێکدایە، کە مایەی سەرسوڕمانە، لەکاتێکدا لە زۆرێك لە میلەتان پارتەکان، ڕێکخراوەکان پرۆژەی یاسای زمانیان هەیە، وەك پلانی پارتی سەوزی ئێرلەندی کە بەوردی سیاسەتی زمانی داڕشتووە.( تاریق جامباز، ٢٠١١: ٣١٥ )

## ئەنجام:

١- سیاسەتی زمان و پلانی زمان دوو پێویستی گرنگی زمانن و هۆکارێکی سەرەکی پاراستن و بەهێزکردنی زمانن، سیاسەت و پلانی تۆکمەی زمان توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵسکاری بە زمان دەبەخشێ و لە لەناوچوون دەیپارێزێ.

٢- یاسای زمان میکانیزمی بەفەرمی کردنی سیاسەت و پلانی زمانە، چونکە لەکایەی یاسای زماندا وردەکارییەکانی یاسای زمان و پلانی زمان دەخرێتە قۆناغی جێبەجێکردن و کارەکیکردنەوە. بۆیە پێویستە یاسای زمان بەشێوەیەکی گونجاو و لەبار بۆ هەموو کوردستان لەلایەن پەرلەمان و لایەنەپەیوەندیدارەکانەوە بێتە پەسەندکردن و چاودێر جێبەجێکردنیشی بکرێت.

٣- ئەمڕۆ لەهەرکات زیاتر زمانی کوردی لەبەر هەڕەشەی لاوازبوون و بگرە مەترسیشدایە، هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمە و پلانێکی وردی زمان دەگەڕێتەوە کە بەرپرسی سەرەکی پاراستنی زمانن.

٤- لایەنی پەیوەندیدار لەهەرێمدا چ لایەنی سیاسی، ئەکادیمی، ڕۆشنبیری، ڕێکخراوەکان..تد هیچ هەنگاوێکی بەرپرسیارانەیان نەناوە بەرەو چەسپاندنی یاسای زمان لە کوردستاندا. تەنانەت هیچ یەکێك لە لایەنانە پلانێکی دیاریکراویشی بۆ زمان نییە، کە بتوانرێ بۆ یاسای زمان سوودی لێوەربگیرێ.

## سەرچاوەکان:


١- ئازاد عزیز سلێمان،، ٢٠١٤، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، ز. سەلاحەددین، کۆلێجی پەروەردە، هەولێر.

٢- بێرنارد کەمرێ، جێریدوابەمەند...تد، ٢٠٠٧، زمان، وەرگێڕانی، کامیل محمد قەرەداخی، هەولێر.

٣- تاریق جامباز ٢٠١١،، دەستپێك لەبارەی زمانپارێزی...، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژ ١٩،هەولێر.

٤- ________، ٢٠١٤، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، هەولێر.

٥- جەمال عەبدول، ٢٠٠٨، بەرکولێکی زاراوەسازی کوردی، هەولێر.

٦- حوسێن محمد عزیز ٢٠٠٥، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، سلێمانی.

٧- د. دارا حمید محمد، ٢٠١٠، واتاسازی، سلێمانی.

٨- ________، ٢٠١٣، زمان و تەکنۆلۆژیای زانیاری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە (١).

٩- د. ڕەفیق سابیر،٢٠٠٨، کولتور و ناسیۆنالیزم، سلێمانی.

١٠- د. قەیس کاکل، ٢٠٠٧، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، هەولێر.

١١-د. عبدولواحید مشیر دزەیی،٢٠١٣، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر.

١٢-د. عبدالوهاب خالد ٢٠١٠،،بەرۋ زمانێ دایکێ، گۆڤاری زمانی دایك،ژ ١.

١٣- لویس جان کالفی،٢٠١٢، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، و. بەهادین جەلال، هەولێر.

١٤-د. محمد معروف فتاح،٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان،هەولێر.

١٥-حاكم مالك الزيادي، ١٩٨٠، الترادف في اللغة، بغداد.
١٦- عبدالقادر الفاسي،٢٠١٣، العدالة اللغوية، الجزائر.
١٧- د. عبداللطيف حني و احمد بناني و اخرون ٢٠١٢، ملتقى التخطيط اللغوي،، الجزائر


## الخلاصة

تعنى هذة الدراسة الموسومة (اللغة الكوردية بين سياسة اللغة والتخطيط اللغوي) بدراسة اللغة الكوردية في ضوء السياسة اللغوية والتخطيط اللغوي، وبذلك فهي دراسة لغوية تطبيقية (Applied Linguistic)، يتطرق الى المستوى الذي وصل اليه اللغة الكوردية في ضل التخطيط اللغوي لحكومة اقليم كوردستان.

وقد اعتمد الباحث المنهج الوصفي التحليلي، وقسم البحث الى ثلاثة محاور:

المحور الاول: يتضمن مفهوم سياسة اللغة واهميتها، نشاتها و بداياتها.

المحور الثاني: يسلط الضؤ على التختيط اللغوي، مفهومها، واهميتها، و انواعها ودورها كمرحلة تطبيق السياسة اللغوية.

المحور الثالث: يحاول الباحث في هذا المحور عرض واقع اللغة الكوردية في غياب شبه تام لسياسة اللغوية و التخطيط اللغوي في اقليم كوردستان.

وفي الختام وصل الباحث الى عدد من الاستنتاجات تثبت في اهم نتائج البحث، يليها قائمة المصادر، ثم ملخص البحث باللغتين العربية و الانكليزية.



## Abstract

This paper is entitled "The Status of the Kurdish Language between Language Policy and the Plan of Language". It studies, through Applied Linguistic, the current status of the Kurdish language via the politics and the linguistic plan under the semi independent and unprecedented Kurdish rule.

The study follows a descriptive method using the middle Kurdish dialect and it is divided into three sections:

Section one is devoted to the concept and definition of the politics of language, beginning, development, and importance of the linguistic type that is under study.

The second section studies plan of the language, its importance and types; while the third part focuses on the current status of the Kurdish language through politics and plan of the language.

At the end, the most important conclusions are on display like:

- Politics and plan of language are two necessary aspects of the language that help keeping and strengthening it. Politics and a comprehensive plan of the language enable it to stand against any possible dangers and keep it from annihilation.
- The rules of the language are the mechanisms of formalizing the politics and plan of the language because through the rules of the language, the details of the rules of language and its plan will be carried out.